
# گێلە دەوڵەت

**سیروان بابان**
baban5@msn.com

سەیرە وادیارە لەودەوڵەتەداندا کەناوی تورکیایەوەرگێڕێکتان نیەتاکودەنگ وباسەکانتان بۆ وەرگێڕێتە سەرزمانی تورکیتان! باوەڕناکەم نەتان بێت ئەی ئەو قەرداشانەی لەلاتان نیشتەجێن کاریان چیە ؟ ئەی‌کەواتەبۆجوان گوێیان بۆشل ناکەن. . . ئەویش هەرباوەڕناکەم. با گوێتان شلکردوە بەڵام بەدەردی برایانمان لەدەڤەری هەولێردەڵێن خۆتان لەگێلی دەدەن وناتانەوێت تیٚ بگەن. . . هەمومان لەبیرمانە کەماوەیەك لەمەوبەر بۆمەبەستی هەڵبژاردن لەووڵاتەکەتاندا هەڕەشەی نابەجێتان لەکوردوستانمان کرد. ئاخرئێوە واگۆش کراون خۆتان بەگەورە بەرامبەریشتان



بەبچوك دەزانن. ڕاستەمیللەتی کورد کە تائێستا خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆنیە بەڵام گشت دونیادەزانێت کەخاوەنی‌ئیرادەیەکی‌پۆڵایین وهێزێکی‌لەبن نەهاتووەبەشێوەیەك کەهیچ هەڕەشەیەك یان دەست درێژییەك لەهیچ کەسێك قبولٚ ناکات، ئەمەش لایەنێکی‌ترەکەخۆتانی لیٚگێل دەکەن. ئاخرلێرەشداهەرلۆمەدەخەمەسەرئەوقەرداشانەچۆن پێیان ڕانەگەیاندوون کەمیللەتی‌کورد خاوەنی سەرکردایەتییەکی‌پڕئەزمونەکەچەندین ساڵەبەرەنگاری‌دڕندەترین دیکتاتۆری‌ئەم سەردەمەبوەتەوە .ئێستاچۆن لەبەرامبەرهەڕەشەی‌ئێوەدابیٚدەنگدەبێت؟

بەڵیٚکاتێك هێژا *مەسعود بارزانی* ڕاستەوخۆوەڵامی‌هەڕەشەکانی ئێوەی‌دایەوەوبەدەنگێکی زوڵاڵ پێی ڕاگەیاندن کەئێوەکوڕی ئەوجۆرە هەڕەشانەنین و گەرزۆریش سورن لەسەر هەرەشەکانتان فەرموون ئێوەش وەك دوژمنانی تری‌کوردوستان خۆتان تاقی بکەنەوە ئەوسادەبینن کەچۆن فریای‌هەڵگرتنەوەی‌تەرمەکانیشتان ناکەون. د یارە هەرخۆتان لەگێلی‌داو واتان زانی ئەوسەرکردەکوردەهەڵوێستی وەك خۆتانە تەنهابۆمەبەستی‌هەڵفریواندنی میللەتە.

بەڵام ئەوەی‌کەناتوانن خۆتانی‌لیٚ گێل بکەن و ئەوەی‌کەپێویستی بەوقەردا شانەنیەبۆتان تەرجومەبکات ئەوهەڵوێستە یەك ڕیزییەو یەك دەنگییەیە کەلە *کوردوستان* دا کەتەواوکەری هەمان هەڵوێستی‌سەرکردایەتی‌کوردە.

پێشنیارتان بۆدەکەم ڕۆژانەسەیری تەلەفزوێنەکوردیەکان بکەن تابزانن چ هێزێك چاوەڕوانتانە بنۆڕنە کوڕانی کورد پیرومناڵ دایيك‌وخوشك هەرلەسلەیمانیەوەتاهەولێرودهۆك وزاخۆو گشت شاروگوندی‌ئەم کوردوستانە بەچ ڕقوکینەیەکەوە چاوەڕوانتانن چۆن ئامادەن ئەگەرهاتن.

گویٚ لەدەنگی‌ناڕەزایی میللەتێکی خاوەن ئەزموون لەبواری‌بەرگریدابگرن خۆگێل مەکەن. . . . .

بەڵام ڕاستتان ئەوێت ئەو خۆگێل کردنەشتان سودێکی تری‌بۆئێمەی‌کوردهەبوو ئەویش ئەوە بوولەکاتێکی‌واناسکدا دیسانەوە بۆدۆست‌ودوژمنانی‌گەلەکەمان سەلماند کەمیللەتی‌کورد لەکاتی‌تەنگانەدا بۆبەرگری‌کردن لەخاکی‌نیشتیمان یەك دەنگ یەك بیرویەك باوەڕن

بالەبیروبۆچونی حیزبیشدا یەك نەبن بەڵام بەرامبەربەداگیرکە شورای پڵایین وڕۆڵەی‌نەبەردی کوردن. . . . . . .

*ناونیشانی ئەم بابەتەم لەنوسەریگەورەیترك ***عەزیز نەسین***. . . ەوە وەرگرتوە لەڕۆمانی *گێلە پیاو* کە ئەمەش هەربەسوودبۆمنیکورد گەڕایەوە. . . بەخۆشحاڵییەوە منیش هیچ پێویستیەکم بە قەرداشێك نەبوو کە بۆم تەرجومە بکات. نەبادا لەداهاتوویەکینزیکدا بەبیانووی پارێزگاریلەمافی*تورك* *مان ێك* دەست لەبینەقاقای منیش گیر بکەن. . . .

- **١٢. ٠٣. ٠٣ئەڵمانیا**
- تێبینی. . .
- ئەم بابەتەم لەرۆژی ٠٢. ٠٣. ٠٣ دا بۆ کوردستان نێت نارد بەڵام دیاربوو لەبەر ئەوەی بە فۆنتێك نووسیبوم لای بەرێزییان نەخوێندرایەوە. بۆیەمنیش دووبارە بەم فۆنتانە نووسیمەوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣**

کوردستان نێت www.kurdistannet.org